# مەهاباد قەرەداغی، ژنێك كە عاشقی هەموو ڕەنگەكانە

شەمزین جەهانی
پارێزوانی ئاشتی و مافی مرۆڤ

ڕەنگبێ زۆربەی خوێنەران لەم ماوەیەدا، ئاگاداریان لەسەر سەردانی خاتوو مەهاباد قەرەداغی بۆ باشووری كوردستان هەبووبێت و وەك ئاگادارین هەر بەدووای دیدارەكەی خاتوو مەهاباد لەگەڵ كاك مەسعوود و نەچیرڤان بارزانی بەداخەوە هەر ڕۆژ بابەتێك لە كەسانێكی كەوا ئیدعای ڕووناكبیری دەكەن و ناشیرینترین وشەكانیان لەزار دێتە دەر، و لەسەر ماڵپەرە ئینترنێتیەكاندا بڵاودەكردرێنەوە بەتایبەت ماڵپەری kurdistannet.org و kurdistanpost.com.
هەر بەم بۆنەیەشەوە، وەك كچێكی كورد و بە بیروڕایەكی نەتەوەیی و تەواو بێ لایەن بۆ شەرمەزار كردنی ئەم ڕووناكبیرانە كە لە نووسینەكانیاندا زۆر ناڕووناكبیرن و بۆ پشتگیری لە خاتوونی ئەدەبی كوردستان واتە خاتوو مەهاباد قەرەداغی؛ بە نووسینی ئەم چەند دێرە دەنگ و هاواری خۆم بەرز دەكەمەوە.

★ ★ ★

براكوژی، شەڕ و پێك دادان، شۆڕش و ڕاپەرینە خوێناویەكان، سەقامگیر نەبوونی ڕامیاری، تەقینەوەی جەماوەر، تەقینەوەی گرفتەكان و دەیان و سەدان گرفتی دیكە بە گشتی ڕەواڵەتێكی دواكەوتوو و قەیران لێدراوی بۆ تەواوی ئەم وڵاتە پێك هێناوە سەرەڕای ئەوەیكە، دونیای ئەمڕۆ، دونیای پەیوەندی گرتن بە دیالۆگەتازەكان، پێداگرتن بەسەر ڕەوەندی دێمۆكراسی و ئازادی و ئاشتی و دابین بوونی یاسایەكی دادپەروەرانە و ئینسانییە، دونیای ئەمڕۆ، بە هیچ شێوەیەك شەڕ و توند و تیژی پێشنیار ناكات كەچی لە وڵاتی ئێمە واتە كوردستان سەرەڕای چوار بەش بوونی ئەم خاكە هێستاش مرۆڤەكانی نەیانتوانیوە چوار چێوەیەكی دێموكراتیك ساز بكەن و بە دێمۆكراسی لەگەڵ یەك ژیان بكەن، لەم وڵاتەدا بەهۆی نەبوونی دەسەڵات لە نێو تەواوی خەڵك دا و پێك نەهاتنی دێمۆكراسی لە چوارچێوەی دەسەڵاتدا تەنیا دەوڵەت و لە سەرەوەی دەوڵەتیش، یەك كەس یان تاقمێك ڕاوەستاون كە لە هەوڵی ئەمەدان لەباتی هەموو گەل و ڕووناكبیرەكان بیر بكەنەوە و تەما بگرن و بڕیار بدەن و ڕێگا دیاری بكەن و هەر چەشنە هەڵوێستێكی ڕووناكبیران لەمەر بیركردنەوە و هێنانە ئارای ئەندیشە و دیالۆگە تازەكان و فەلسەفەی نوێ كە بە چەشنێك خۆتێوەردان لە بازنەی

دەسەڵاتدا بێت بۆ ئاڵ و گۆڕی کردن، کە لە ئاکامیشدا بەم هەلومەرجانە پرۆتێستۆیان دەکەن و بە تاوانبار دەیانناسێنن.

ئێمە تا بە ئێستا ئاسەواری ئەم هەل و مەرجە نالەبارەمان بە دەیان و سەدان جار تاقیکردۆتەوە و دیتوومانە کە نەبوونی ئەندامانی بەرپرس و ڕەخنەگر، کۆمەڵێکی وەهای کردۆتە دیاری کە هەتا بە ئەمڕۆ بە کەس قەرەبوو نەکراوەتەوە، کە ئێستاش دۆزی خاتوو مەهاباد و پرۆسەی وەزیربوونی لەو ناوەدا بە تەواوی ئەم بابەتەمان پێ نیشان دەدات و لە دووپات کردنەوەی ئەم هەل و مەرجانەی کۆمەڵگادا بابەتەکە زەق دەکاتەوە، هەروەها ئاگاداری ئەم مەبەستەش هەین کە هەموو جارێ ئەم شێوازە، کۆمەڵەڵ و دەسەڵاتدارەکانی خستۆتە سەر کۆڵانێکی داخراو و ئەمەش بە هۆی نەبوونی کەش و هەوایەکی ئازاد بۆ لێکدانەوە و ڕەخنە گرتنە.

ئەم ناڕەزامەندیانە هێندە لەسەر یەك کۆ دەبنەوە حەتا بە سنووری تەقینەوە دەگات و سەرئەنجام بە توند و تیژی و نالەبارترین شێوە خۆی نیشان دەدات کە وێنەی چەقۆیەکی دوو سەربەخۆی دەگرێ، واتە هیچ کام لە لایەنەکان لەمەڕ برین و ئێش و ئازاری لایەنەکەی تر لە ئاماندا نابێ.

ئیتر لەو هەل و مەرجەدا نە تەنیا ڕێگایەکیش بۆ سەرهەڵدان و پشکووتنی ڕووناکبیران و بیرمەندان بە هەموو دەسکەوتەکانی بیری و کردەوەیی نامێنێ، تەنانەت کۆمەڵ دەبێتە مەیدانی ڕاوڕاوێن و هەڵات هەڵات و بگرە و بەردە کە ڕێگا بە چوونە پێش دەبەستێ و ئیتر ناتوانێ مزگێنیدەری داهاتوویێکی باش بۆ گەلەکەمان بێت.

★ ★ ★

1. خاتوو مەهاباد خۆی ڕایگەیاندووە سەر بە هیچ پارت و لایەنێك نییە و ئەو کەسانەش کەوا هەر چەشنە تۆمەتێکی لێ دەدەن پەیویستە ئیسباتی بکەن و ئەگینا تۆمەت بەستن لە هەر کەس و لایەنێك ئەگەر وەها بێ بەڵگە بێت کارێکی ئاسانە و وەك ئاوخواردنەوەیە.

2. ئەگەر تەنانەت خاتوو مەهاباد قەرەداغی بەڕاستیش بووبێت بە ئەندام PDK پارتی دێموکراتی کوردستان، بێگومان دیسانیش وەك مرۆڤێك ماڤی خۆیەتی چونکە دێموکراسی ڕێگە بەهەر کەس دەدات کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات و بە هەر شێوەیەك بیهەوێ بیر بکاتەوە و لە ناو هەر پارتیەکی ئاسایش دا جێ بگرێت، تەنانەت ئەگەر ئەم پارت و لایەنانە بە دڵی ئێمەش نەبن.

3. بێگومان هێرشکەرانی سەر خاتوو مەهاباد، بەر لەوەیکە ڕەخنەگر بن، هێرش کەرن چونکە لە زمانێکی شارستانی کەڵکیان وەرنەگرتووە و زۆرتر توڕەیی تاکە کەسی خۆیان دەردەبڕن. نووسینی جنێو و بوختان و سازکردنی کاریکاتۆری سووك هەرگیز شایستەی زمانی مرۆڤی ڕەخنەگر نییە.

4. له خوێندنەوەی وتارەكانی دژی خاتوو مەهاباد دەردەكەوێت كە بەداخەوە بیر و بۆچوونی تەسكی حیزبایەتی (لە وێنەی ساڵی 1993 كە بووبە هۆی شەڕێكی گەورەی ناوخۆیی) هێستاش لە باشووری كوردستان دەوام دەكات و بەداخەوە تاقمێكی زۆر لە ڕووناكبیرەكانی ئێمە هێستاش لە پاوانەی ڕەنگەكان‌دا ماونەتەوە. جێگەی سەرنجە كە هەر ئەم ڕووناكبیرانەش ڕێزدار قەرەداغی كە خۆی عاشقی هەموو ڕەنگەكانە بە حیزبگەری مەحكووم دەكەن!!!

5. كەس حاشا لەوە ناكا كە PDK نەیتوایوە تا ئەمڕۆ كێشەی ژن چارەسەر بكات یان پێشی بخات ئەوەش سەرچاوەی لە سیستمی عەشیرەتی حاكم دایە، بەڵام ئایا زۆربەی پارتەكانی دیكەی باشوور كە خۆیان بە مۆدێڕن دەزانن، چ هەنگاوێكیان بۆ ڕزگاری ژن و پێشخستن و تێگەیشتن بۆ مافەكانی ژن هەڵێناوەتەوە؟!

6. بەكارهێنانی شەهیدانێكی وەك مامە ڕیشە بۆ مەزن كردنی لایەنێك، هەرگیز ڕاست نییە. خاتوو مەهاباد قەرەداغی لە دژی مامەڕیشە نییە، بەڵكوو درێژەدەری ڕێگەی هەموو شەهیدانی كوردە. ئەو كەسانەش كە ناوی مامەڕیشە وەك كارت بەكار دێنن لە ڕاستیدا خۆیان لەسەر جەستە و خوێنی شەهیدان مەزن دەكەن و ئەگەر لە ڕەنجی شەهیدان و ئامانجەكانیان تێگەیشتبان بەم جۆرە لەپێناو بەرژەوەندی تاكە كەسی حیزبی خۆیاندا قەڵەمی ئاژاوەیان بەسەر كاغەزی بەستەزماندا نەدەهێنا. ئەوەشمان لەبەرچاو بێ كە هەموو پارتە كوردییەكان شەهیدی گەورەیان داوە و لەیلا قاسم و بێریتان و بەیان و ..... گەلێك شەهیدی دیكەش هەن. ئەوەش بەمانای گەورەبوون یا بچووك بوونی پارتەكان نایەت. بەڵكوو شەهیدان، پارتەكان وەك كاناڵی ڕزگاری و كەرەسەی گەیشتن بە ئامانج بەكار دێنن. پارت ئامانجی ئەو نییە. كەرەسەیە و شەهیدانیش شەهیدی پارت نین، شەهیدی وڵاتن. سەیر لەوەدایە هەر ئەم كەسانەی كە بەردی مامەڕیشە لە سینگی خۆیان دەكوتن و لەسەر ڕەنج و ئارەقە و خوێنی ئەو خۆیان مەزن دەكەن، هەر ئەمانە لە سلێمانی شەقامێكی ناحەز و بۆگەنیویان بەناوی مامەڕیشە كردووە كە هەرگیز شایانی شەهیدێكی قارەمان و گەورە وەك نەمر مامەڕیشە نییە.

7. خاتوو قەرەداغی، وەك ژنێك لە مەیدانی خەبات دایە و كێ دەستی دەگرێ، دەستی ڕەت ناكاتەوە. گەر ئەمڕۆ PDK و بارزانی دەستیان گرتووە (بە هەموو لاوازییەكانیان لە مەر ژنەوە كە ئینكار ناكرێت) ئێمە دەبێ خۆشحاڵ بین. ئایا پشت كردنی پارتەكان لە ژنانی چالاك باشترە، یان هاوكاری كردنیان؟! ئەم بەنێو ڕوناكبیرەكانیش كە هێرشیان كردۆتە سەر خاتوونی تێكۆشەر "مەهاباد قەرەداغی" گەر ڕاست دەكەن با دەستی یارمەتی بۆ ژنانی لە وێنەی ئەو درێژ بكەن.

**ئەوە ئەوان و ئەوەش مەیدان....** بزانین خۆیان چی دەكەن.

8. سەدەی بیست و یەکە و سەردەمی دیالۆگی شارستانی و وەك كچێكی ڕۆژهەڵاتی كوردستان ئامادەی دیالۆگم لە مەر چارەسەری كێشەی ژن و پشت گیری كردن لە ژنانێكی گەورەی كورد وەك خاتوو مەهاباد قەرەداغی.

9. گەلێك TV و ڕادییۆ و ڕۆژنامە و ماڵپەری كوردیمان هەیە و ئێمە ژنانی كورد ئەمجارەیان ڕووناكتر و یەكگرتووترین لە جاران و بۆ هەر جۆرە دیالۆگێكیش ئامادەین و ئێمە ژنانی كورد وەزیربوونی خاتوو مەهاباد قەرەداغی بە یەكێك لە گەورەترین شانسەكانی ژیانمانی دەزانین.

بە سپاسێكی گەرم